خزمەتگوزاریی Giga- بەند و مەرجەکان

## 1. وەسفی خزمەتگوزاری

1.1. Giga ، یارێکە بۆ بەشداربووانی کورەك دیزاین کراوە، ڕێگەت پێدەدات زانیاریەکانت تاقی بکەیتەوە و خەڵاتی ئینتەرنێت بەدەست بهێنیت تا دەگاتە 100 GB. بەشداربووان دەتوانن بەشداری بکەن لە پرسیاری زانیاری گشتی بە تێچووی یەک جار بۆ هەر ئاستێک و وەرگرتنی خەڵاتی ئینتەرنێت بۆ هەر پێنج وەڵامی دروست. بەشداربووان لە پێشبڕکێکە دوور دەخرێنەوە دوای ئەوەی بە هەڵە وەڵامی یەک پرسیار دەدەنەوە. خزمەتگوزارییەکە سێ ئاست پێشکەش دەکات

1.2. یاری "Giga" لە 2024/05/16 دەکەوێتە کار.

## 2. بەندەکانی بەکارهێنان

2.1. هەموو بەشداربووان گەرەنتی ئەوە دەدەن ئەم مەرج و ڕێنماییانەیان بە وردی خوێندۆتەوە و لێی تێگەیشتوون، مەرج و ڕێنماییەکان بۆ هەمووان بەردەستن لە .korektel.com

2.2.1 وەرگرتنی کورتەنامەی پەیوەندی لە ڕێکخەرەوە بۆ مۆبایلەکانیان سەبارەت بە یاری "Giga"؛

2.2.2 وەرگرتنی کورتەنامەی پەیوەندی/ئۆفەری ڕیکلام لە ڕێکخەر یان ئەو کۆمپانیانەی کار لەگەڵ ڕێکخەرەکە دەکەن.

2.3. ڕەکخەرەکە مافی ئەوە بۆ خۆی گلدەداتەوە کە هەر کاتێک بیەوێت ئۆفەرەکە و ئەم مەرج و ڕێسانە هەڵبوەشێنێتەوە یان گۆڕانکاریان تێدا بکات. هەر گۆڕانکاریەک کە ئەنجامبدرێت لە ئۆنلاین لە ڕێگەی https://korektel.com بڵاودەکرێتەوە.

2.4. لە حاڵەی سکاڵا دەربارەی مەرج و ڕێساکان، بەڕێوەبردن، ئەنجام و هەموو تەوەرەکانی پەیوەست بە پێشبڕکێکە، بڕیاری ڕێکخەرەکە کۆتاییە و نابێت هیچ گفتوگۆ و تێهەڵچوونەوەیەکی بۆ بکرێت.

2.5 ئەم ڕێکەوتننامە دەبێت کاریگەر بن و لە بواری جێبەجێکردندا بن بەدرێژایی ئەو ماوەی ڕێکخەرەکە ئۆفەرەکە دابین دەکات (بەبێ ئەژمارکردنی هەڵپەساردنە کاتیەکانی ئۆفەرەکە یان هۆکارێکی تەکنیکی، وەک چاکردنەوە و بەرزکردنەوە و نوێگەریی بەرنامە بۆدانراو).

## 3. بەشداریکردن لە خزمەتگوزاریەکە:

3.1 ئەمانەی خوارەوە شمولی بەشداریکردن دەکەن:

3.1.1 هەر کەسێکی سروشتی کە بەشداربووی مۆبایلی کورەك تێلیکۆم-ن و لە ماوەی پێشبڕکێکەدا بەلایەنی کەم 1 چانسیان بەدەستهێناوە. ئەگەر کەسی براوە خوار تەمەنی یاسایی بێت

3.1.2 دامەزراوە یاساییەکان (نم. ئەگەر دامەزراوە یاساییەکە خاوەنی ئەو ژمارە یان ژمارانە بوون کە هەڵمەتەکەدا بەشدار بوون). تەنها یەک کەسایەتی یان پۆستی ڕێگەپێدراو دەتوانێت بە ناوی دامەزراوەکەوە خەڵات وەربگرێت.

3.1.3 ڕێکخەرەکە ئەو مافە بۆ خۆی گلدەداتەوە هەر بەشداربوویەک دەربکات ئەگەر لەسەر بنەمای ماقوڵ بڕوای وابێت بەشداربووەکە هەریەک لە برگەکانی بەند و مەرجەکانی پێشێل کردوە.

3.1.4 بە بەشداریکردن لە پێشبڕکێکە، بەشداربوو زامنی ئەوە دەدات لە هەموو زانیاریە دراوەکان ڕاست و نوێ و کامڵن.

## 4. شێوازەکانی خزمەتگوزاری

4.2.2 سەردانکردنی ماڵپەڕی خزمەتگوزاریەکە https://korektel.com و جێبەجێکردنی پرۆسەی خۆتۆمارکردن.

## 5. بەردەستی و وەستانی دەستگەیشتن بە زانیاریەکان، وە میکانیزمی کشانەوە

5.1.     هەموو زانیاریەکانی خزمەتگوزاریەکە بۆ بەشداربووان لەسەر ماڵپەڕی خزمەتگوزاریەکە بەردەستە: https://korektel.com.

5.5.     لە حاڵەتی کۆتایی پێهێنان، ڕێکخەرەکە کۆتایی پێهێنانەکە لەسەر ماڵپەڕی خزمەتگوزاریەکە https://korektel.com ڕادەگەیەنێت.

5.6.     لە ماوەی هەڵمەتەکەدا، ڕێکخەرەکە مافی ئەوەی هەیە هەر ژمارەیەکی ئاڵوگۆری زیاد بکات یان پوچەڵی بکاتەوە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت. ئەگەر هەر ژمارەیەکی ئاڵوگۆڕکاری پوچەڵ بکەیتەوە، هەموو خاڵەکانی هەموو بەشداربووان کە بەشدارییان لەو ژمارە ئاڵوگۆڕکارییە پوچەڵکراوە کردبوو خەزن دەکرێت.

5.7.     بچڕان یان کۆتایی پێهێنانی زوو دامەزراوەی ڕێکخەرەکە لە ئەرکەکانی نابووڕێت بۆ پێدانی ئەو خەڵاتانەی پێشتر براونەتەوە لە لایەن بەشداربووان و جێبەجێکردنی ڕێکارە داواکراوەکان. مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت بچڕان یان کۆتایی پێهێنانی خزمەتگوزاریەکە لە ئەنجامی ڕووداوگەلێک بن لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ڕێکخەرەکە.

5.8.     ڕێکخەرەکە نابێت هیچ زانیارییەکی کەسیی بەشداربووان بۆ  هەر لایەنێکی سێهەم ئاشکرا بکات مەگەر بەیاسا داواکراو بێت یان پابەندبوون بێت بە داواکانی لایەنە حکومیەکانی عێراق.

5.9.     ڕێکخەرەکە ئەو مافە بۆ خۆی گلدەداتەوە کە بەشداریی لە هیچ مامەڵەیەکی نووسراو یان هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێکی پەیوەندی لەگەڵ بەشداربوان نەکات مەگەر بەپێی بەند و مەرجەکان یان بەپێی داواکاریە یاساییە هەنووکەییەکانی عێراق نەبێت.

## 6.     تێچووەکانی بەشداریکردن

ئاستی 1 بە تێچووی  = 1،000 د.ع  GB 1 بۆ ماوەی 1 ڕۆژ.

ئاستی 2 بە تێچووی  = 3،000 د.ع  GB 10 بۆ ماوەی 7 ڕۆژ.

ئاستی 3 بە تێچووی  = 10،000 د.ع  GB 100 بۆ ماوەی 30 ڕۆژ

7.3.7  خەڵاتەکان ناگوازرێنەوە بۆ کەسێکی دیکە.

## 8. سنوورەکانی بەرپرسیارێتیەکان

8.1. ڕێکخەرەکە نابێت بەرپرسیاربێت بۆ هەر هەڵە، پەڕاندن، بچڕان، کەموکوڕی، دواکەوتن لە کارپێکردن یان گواستنەوە، یان شکستهێنان لە ئاڵوگۆڕی پەیوەندی کاتێک بارودۆخەکە لە ژێر کۆنترۆڵی تەواوی خۆیدا نەبێت.

8.2. ڕێکخەرەکە ئەو مافە بۆ خۆی گلدەداتەوە هەر کاتێک پێویست بوو بۆ مەبەستی کارپێکردن خزمەتگوزاریەکە بەشێوەیەکی کاتی هەڵپەسێرێت (نم. چاککردنەوە، چاکسازی یان نوێکردنەوە) ڕێکخەرەکە بەڵێنی گەڕانەوەی خزمەتگوزاریەکە دەدات بە زووترین کات دوای هەر هەڵپەساردنێکی کاتی.

8.3. ڕێکخەرەکە ئامۆژگاریی بەشداربووان دەکات هەموو کاتێک لە پێشبڕکێکەدا ئاگایی و سەلیقەی خۆیان بەکاربهێنن.

## 9. خۆبواردن لە گەرەنتیەکان

9.1. بەشداربووان تێدەگەن و ڕازی دەبن کە بەشدارییان لەم خزمەتگوزارییە بە بڕیاری خۆیانە و مەترسیەکانی لە ئەستۆی خۆیانە، وە بە هیچ شێوەیەک ناچار نین بەشداریی لەم خزمەتگوزارییە بکەن.

9.2. ڕێکخەرەکە گەرەنتی ئەوە نادات، چ لاوەکی و چ ڕوونکراوە، کە هەر بەشێکی خزمەتگوزاریەکە بڕینی تێناکەوێت یان کێشەی نابێت.

9.3. نە ڕێکخەرەکە و نە هیچ لە بەڕێوەبەرەکانی، کارمەندەکانی، بریکارەکانی یان دابینکەرەکانی بەرپرسیاریی قبوڵ ناکەن بۆ هەر زیان، لەدەستدان، پێکان، یان بێئومێدییەک کە تووشی هەر یەک لە بەشداربووەکان ببێت یان لە قاتی قبوڵکردنی خەڵاتەکە بێتە ئاراوە.

9.4. ڕێکخەرەکە بەرپرسیار نیە بۆ هەر کێشەیەک یان گرفتێکی تەکنیکیی هەر تۆڕ یان هێڵێکی تەلەفۆنی، سیستمی کۆمپیوتەری لەسەر ئینتەرنێت، دابینکەری خزمەتگوزاری یان کۆمپیوتەرەکان، گرفتی نەرمەواڵە بۆ هەر ئیمێڵ یان هاتوویەک بەهۆی گرفت یان کۆسپێکی ئینتەرنێتی، هێڵی تەلەفۆنی یان هی هەر ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت، یان هەر تێکەڵەیەک لەوانە، بە لەخۆگتنی پێکان یان زیان کە

بەر **کۆمپیوتەر**، تەلەفۆن یان هەر کەسێکی پەیوەندیدار دەکەوێت لە ئەنجامی بەشداریکردن یان دابەزاندنی هەر کەرەستەیەکی پێشبڕکێکە.

9.5. بە بەشداریکردن لە خزمەتگوزارییەکە، بەشداربووان ڕازی دەبن هیچ داواکاریەک پێشکەش ناکەن بۆ هەر لەدەستدان یان پێکان (بە لەخۆگرتنی زیانی تایبەت، ناڕاستەوخۆ یان دەرئەنجامی) دژی کۆمپانیای سەرەکی، لاوەکیەکانی، بەڕێوەبەرەکانی، کارمەندەکانی یان بریکارەکانی بۆ هیچ جۆرە زیان، پێکان، ماف یان ڕێکار لە هەر جۆرێک کە لە ئەنجامی قبوڵکردن یان بەکارهێنانی هەر کام لە خەڵاتەکان دێنە ئاراوە، بە لەخۆگرتنی بێ هەڵاوێردەی پێکانی کەسی، مەرگ، یان زیان بە موڵک.

**11. حوکمی یاسا**

11.1. لە حاڵەتی هەر ناکۆکییەک، بەشداربووان دەتوانن سکاڵاکانیان پێشکەشی ڕێکخەرەکە بکەن، وە دۆزەکەیش بەپێی یاسای کارپێکراوی عێراقی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

12. بەشداری کۆگاکان

12.1 ئاپ ستۆر بە هیچ شێوەیەک بەشداری لە پێشبڕکێ و بردنەوەکان ناکات.